

# دۆزەخێکی فیردەوسی

ستار قادر
(سلێمانی)

قووڵترین و بێ بنترین نهێنی و ڕازێک بە بارتەقای شینێتی ئاسمان، کڕی و کپی مەنگییەک بەقەد ڕەشی تاریکترین ڕووبەر لە گەردوون، هێور هێور بە ئەسپایی و بە ئاستەم بە تەنیشتیدا تێ دەپەڕی، کە لە هاوارە بێدەگ و خامۆشییەکانیدا منگەی دەهات. هاواری بێدەنگی ئەم ڕازە، هاژەهاژ و هەراوهۆریای ئەم کپییە بەدرێژایی شەو وڕوکاسی دەکرد، شیبایەک لە تەزیوی هەڵی دەکرد کە جنسی دەچووەوە سەر تەزیویەکانی نێو دۆخی عەشق و سەرەمەرگ.

سەرتاپای جەستە لەسەر تەنیشت ڕاکشاوەکەی سەر بەردەڵانی گوێ چەمەکەی دەخستە لەرزە لەرز و چۆقە چۆق، تەزوویەکی بەرقئاسا لە تەوقی سەریەوە تابنی پێی تەی دەکرد و لە ناوەوەڕا ڕای دەچڵەکاند، ترپەی لێدانەکانی دڵی بێهۆشی، زیادیان دەکرد، لە ناکاو بۆ چەند ساتێک هۆشی بەبەردا هاتەوە لەژێر لێوەوە بارگاوی بەنرکەنرکێکی جەرگبڕ، بە نووزەیەکی نووساوی زۆر نەوی و کز هاتە گوێی کاتێک لە خۆی پرسی: من لە کوێم؟ بەڵام سەرتاپای جەستەی بە وێنەی ئاوێنەیەکی لەتوپەت و هەپروون بە هەپروون بوو، وەک ئەوەی دەستێک لە دەستە ڕەشەکانی موسیبەت بەسەر ئەو بەردەڵانەی گوێ چەمەکەی ڕۆکردبێت، وەهابوو.. هەرچی هێز و وزەیەکی لە جەستەدا بوو، هێنایە بەرخۆی تا چاوانی هەڵهێنا، لەو ساتەوەختەی کە پێڵووە ماندووەکانی بەرزکردنەوە لە بەرانبەر تەماشایدا، جگە لە هورووژمی بەتینی ڕووناکترین تاریکییەکانی شەو هیچی دیکەی بەدی نەکرد، خورپە و کسپەیەک بە دڵ و هەناویدا گەڕا و ڕایچڵەکاند، زۆر بە توندی تاساندی کە ختوورەی کوێر بوون بە خەیاڵیدا دەهات، بۆ ئەوەی دڵنیابێتەوە لەوەی کە داخۆ کوێرایی داهاتووە،

بەخاتری دڵنیابوون لەوەی کە بزانێ چاوانی کراوەن، یان نووقاون، هەتا لەو تەلیسمی وەهمە خۆی قوتار بکا، بە هەرچی هێزی بوو دەیهێنایە بەر خۆی تا دەستی ڕاستی بباتە سەر چاوی و بێهودە و ناکام بوو! مەخابن لەبری ئەوە، دەستی ڕادەستی جێیەکی خەوناوی کرد و یەکەم هەنگاوی نایە نێو تووڵەڕێیەکی شین شینەوە کە پێیەکانی زۆر بە ئاستەم دەنایە سەر ڕێگەیەکی شین، دەتگوت هەنگاو بەسەر هێلکە ترێنەی شینەوەبوودا دەنێ، یان پێ دەنێت بەسەر سنگی نەرمونۆڵی بوونەوەرێکی شینی لە مێژبێت خەوتبێت و نەیەوێت بەخەبەری بێنێت.

قۆناغە ڕێیەک بە ڕێگەکەدا ڕۆیشت و نەیدەزانی چەندی لەو ڕێگە خەوناوییە بڕیوە، لەپڕ خۆی لەژێر گابەردێکی شینی زۆر تۆخی قەترانیدا وا وچان دەدا، ئەوە یەکەم جاری بوو هەست بە ئارامی پشوویەکی ڕوحی بکا.. لەو ساتەی دانەوی تا پاڵ بە گابەردە شینەکەوە بدا، سەیرێکی ژێر خۆی کرد تا بزانێت لەسەر کوێ دادەنیشێ، بەدەستی ڕاستی هەرچی تۆز و زیخەوردەی شین هەبوون، ڕایماڵین و پاڵی بە گا بەردە شینەکەوە دا، کاتێ سەری هەڵبڕی بەرابەر تەماشای بەدەر لە بەراییەکی ڕەشی بێ پایان، جگە لە چەند هەنگاوێکی پێش خۆی کە شینێتییەکەی لەدەست نەدابوو، ئەگینا سەرتاپای ئەو ڕووبەرەی بەرابەر تەماشای لە تەمێکی ڕەش ڕەش لە شێوەی کێلێکی نارێکی پاڵکەوتوودا دەهاتە بەرچاو، ئەوەشی زیاتر کە ئەو دیمەنەی بەخشییە پانتاییە ڕەشە کێلئاساکە، ئەو لاپاڵە شینکاییەی شاخە دوورەدەستەکان بوو کە تا دەهات سەری کێلە ڕەشەکەیان دەنەخشاند، ئەوە شاخانەکانی دواوەی پانتاییە ڕەشەکە بوون لە هەستیدا، ئەو گۆشە کێلئاسایەی لەبەرانبەریدا دەخولقاند. کە تەلیسمی ئەو دیمەنە خەوناوییە بەری دا بۆ تاوێک بەخۆیدا ڕوانی و سەیرێکی لەشولار و دەستی خۆی کرد، ڕەنگدانەوەی ئەتمۆسفیر و فەزایەک لە شینێتی لەسەری ڕژابوو، هاوڕای ئەو دیمەنە خەوناوییە وردە وردە دەنگێکی غەرقبوو لە شینێتی گوێیەکانی ئاخنی، لە ژێر پەرجووی شینێتیدا پێ دەچوو شینێتی هەڵیمژیبێت، کەچی لە قووڵایی ئەم دۆخە بەرگە نەگیراوەشدا زیاتر سامی ئەو پانتاییە کێلئاساکە ئەوی بۆ قووڵیی زوڵمەتی ڕەشاییەکە کێش دەکرد.

بە هەر کلۆجێک بێت، دوای پشووە دۆزەخییەکەی خۆی لە تەلیسمی پڕ پەرجووی بەردەم تەماشای قوتار کرد و ملی ڕێگەیەکی لووسی هەورازی یاڵێکی خوم کراوی شینی گرتە بەر، تا گەیشتە سەرەوەی تەختایی یاڵەکە، خۆی لە بەردەمی تاریکی تونێلئاسادا بینییەوە، تونێلێک بوو کە تاریکی زوڵمەتی درەختە بەیەکداچووەکان خوڵقاندبوویان، ئەو دارتوو و مێوەزییە چڕانەی بە دەوری دوو کەڵەکی ئەم بەر و ئەو بەردا بووبوونە پەرژینێکی چڕوپڕ بۆی. لەنێو دوو کەڵەکەکە و لە ناوەڕاستدا ڕێگەیەکی بەردەلانڕێژ کێشی دەکردە ئەو ڕێگایەی دەچووەوە سەر خەونەکانی، خودایە چۆن ڕێگەیە بوو، ئەو ڕێیە!! یەکێک بوو لەو ڕێیانەی کە دەیبردەوە سەر خەونی نێو خەونەکانی.

پێش ئەوەی دەست بە ڕۆیشتن بکات، چەند جارێک هەڵوەستەیەکی دەکرد و خەیاڵدانی دەپشکنی تا لێی دیار بێ، کە چ کاتێک بەو شوێنە خەوناوییەدا ڕۆیشتووە، لە خەوندا بووە، یان لە سێبەرە سپییەکانی ڕیالێتیدا هاتووەتە ئەم شوێنە، هەرچەندی کرد و کۆشا، بێجگە لەوەی دوایەمین بۆچوونی گەیشتە ئەوەی کە پێ دەچێت یەکێک بێ لەو خەیاڵاتانەی لە منداڵیدا خوڵقاندوویەتی، وەک سێبەرێکی ڕوونی حەرفی سپی لە یادەوەریدا ماوەتەوە.

ئەو دالانە درێژەی کە قەد و پەلوپۆ چڕە بەیەکداچووەکان دیوارەکانی خوڵقاندبوو، ئەگەرچی پانی تونێلە درەختییەکە زۆر نەبوو، بەڵام لەگەڵ یەکەم هەنگاودا دەبوایە زۆر ئاگایانە هەنگاو

هەڵبێنێت، چونکە بەرپێی هەم بەردەڵان بوو، هەم ئاوێک بەوێنەی شینە مارێکی درێژ لە نێو بەردەڵانەکەدا دەکشا. ئەو ئاوەی سەرچاوەکەی لە دامێنی ئەو گابەردە ڕەشانەوە هەڵدەقوڵا، کە یەکەم مەنزڵی ئاسوودەیی ئەو بوو. هەنگاوەکانی هەڵهێنایە نێو شوێنێک کە لە خەوندا نغرۆی دەکرد، دەچووە بەردەم ئەو کونە ڕەشەی کە پێشتر لە یادگەیدا بۆی دەگەڕا، کە بێجگە لە حەقیقەتێ کە خورافاتی دەستی ئەو خەیاڵاتانەی لە منداڵیدا بە دەنگە لەبەرخۆکەی شەوانەکانییەوە، لەسەر گەچی دیواری ڕووبەڕووی جێگە خەوەکەی دەیهۆنینەوە و لە شوێنێکی عاسی سەر پەردە نازکەکانی یادگەیدا شکۆفەیان دەکرد و تۆماری دەکردن.

خوڕەی ئاوەکەی بەرپێی تا دەهات زیاتر و پڕ تەوژمتر دەبوو، بۆ چەندان جار لقی زیی پەرژینەکە داوێنیان دەگرت، تا گەیشتە تەنگەبەرێکی وا کە دەبوایە لەسەر لاڕێ بکا، بەردەکانی ژێر پێشی تا دەهات بەرەو کەم بوونەوە دەچوون و ئاوەکەش جۆگەلەی بەستبوو، چیلکە و چەوێڵ بەری گرتبوو، بەسەرتاپای ڕێیە تەنگەبەرەکەدا جۆگەی باریک باریک تەنکاوێکی شینی قەترانییان لەسەر بەردە لووسەکان پەخش کردبوو، تاو ناتاوێک سروەیەکی فێنک لە ڕوخساری دەدا، لەگەڵ سەرهەڵبڕینی بۆ سروەی شەماڵەکە بۆ پێشەوە ڕووناکییەکی لە دووری تەنگەبەرەکە بەدی کرد، تا دەهات لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا کەڵەکەکانی ئەم بەر و ئەوبەری دەرەوینەوە و تا دەهات خەیاڵاتی منداڵی بەسەریدا پەخش دەبووەوە و دوا هەنگاوی لێکترازانی لە تونێلە درەختییەکە کەوتە ناوەڕاستی پەڵە چنارێکی ژێر بە گەڵازەردی پەخشان، لەگەڵ یەکەم پێدانانی لەسەر گەڵا ئاڵتوونییەکانی، پۆلێک پەپوولەی تەڵایی لە ژێر پێیەوە هەمڕای سەدای پڕ لە هاژەوهووژێک لەگەڵ ئەو تاریکییە ڕوونانەی لە خۆرەوە لە مابەینی سەرپەلی چنارەکانەوە دەهاتن و ڕوانینی ئەم دیمەنە سەرسامکەرەی کە لە خەونەکانی منداڵیشیدا ڕێی تێنەکەوتبوو. کە دەیبینی پێ بە پێی پەپوولەکان بەیەک گوژم و هەنگاوێکی تر لە پێش ئەوەوە هەڵدەفڕین، لە ساتی دوا هەنگاویدا دەیگوت: چەند ئەستەم و بەسۆیە بۆ ئەو چرکەساتانەی کە هاژە و هاوار هەڵتدەمژن، چ کارەساتێکە سووڕ لێت دیار بێت جارێکی دی چرساتەکانی زەمەنە زەردە تەڵاییەکانی ژیانت بەرەو کوێ دەتبەن.

چەند ناخۆش و بەسۆیە لەم ساتەدا نەتوانیت لەگەڵ هەنگاوەکانتدا بفڕیت و ئاوێزانی ئەو تاریکییانە نەبیت کە لە خۆرەوە دێن، ئیتر هەتا لە پەڵە چنارەکان دەرچوو، تا دەسماڵی زێڕینی خۆر وەک ڕەنگی پەپوولە زێڕینەکان لەسەری جیا نەدەبووەوە، خووشە و خوڕەی ئاوە شینە قەترانییەکەش وەک نەغمەی مۆسیقایەکی خۆرسک لە گوێی نەدەبڕا.. هەرچەند سەری هێنا و سەری برد، پەنهانی پەپوولە تەڵاییەکانی بۆ دەرنەکەوت تا نەگەیشتە بەر دەم تەبارێک لەوێوە دەیڕوانی بەسەر دیمەنی کۆمەڵێک داری ئێکجار بە تەمەن، لەوەتەی ڕووابوون هیچ کەسێک داینەهێنابوون، لە ژێر دارەکاندا قسنێکی شینی پیرۆزەی بەسام پڕ لە درەوشانەوە، بریسکەی تیژ نیگای دەکرد و تەلیسمە بێ داوەکانی ڕاپێچی دەکرد کە بە پەرژینێک دەورە درابوون، ئیحای تۆفانێکی نەسرەوتی دەدا، لە پشتەوەی ئەڵقاو ئاڵقی داخراوی تۆفانی پەرژینەکە گابەردە کێلئاساکان دەیپاراستن، تا ڕادەی مەست بوون ئەو دیمەنە پەلکێشی دەکرد، بەرەو ڕووی ملی نا.. ڕێگەکەی کە بەرەو ئەوێ دەڕۆیی، ڕێگەیەک بوو بەوێنەی هێڵێکی شینی گوریس ئاسای پێچاوپێچ تا لە پەرژینە تۆفانییەکە نزیک دەبووەوە کاڵ کاڵ دەبووەوە و تا لە چاو ون دەبوو و دەکوژایەوە.